# دەستووری هەرێمی کوردستان : مەغزایەکی سیمبوڵی نەك سیمبوڵی پەیوەندییەکانی هاوڵاتییان و دەسەڵات پێکەوە

**نووسینی بەکر ئەحمەد**
baker.ahmed@comhem.se
7ی دیسەمبەری 2005

**ڕەنگە سەرنجدان لە دەستووری هەرێمی کوردستان وەك ئەوەی کە بڵاوکراوەتەوە, لە توانای وتارێکی کورتدا نەبێت کە لە ئێستادا من مەبەستمە دەربارەی بنووسم. ئەو تێکستەی کە لەبەر دەستدایە و لە ڕۆژنامەی مێدیای ژ 216ی 15ی نۆڤێمبەری 2006 دا بڵاکراوەتەوە, فرە ڕەهەندە و کۆمەڵێك تەوەری جیاواز لە خۆی دەگرێت کە هەریەکەیان بۆ خۆی جێگای تێڕامان و وردبوونەوەی تایبەتە. بەڵام لەگەڵ ئەو هەمە تەوەرییەی کە خودی تێکستەکەی دەستوری هەرێمی کوردستان لە خۆی دەگرێت, کۆمەڵێك پێوە ر و چوارچێوەی گشتی هەن کە دەکرێ باسی لێبکرێت. من ئەو چوارچێوە گشتییەم بەلاوە گرنگە کە دەستنیشانی بکەم و دواتریش دێمە سەر ئەو خاڵانەی کە جێگای پرسیارن. هەر بۆیەش دەسپێکردن لەو جێگەیەوەی کە نزیکی بە کاری خۆمەوە هەیە, دەکەمە سەرەتایەك بۆ ئەم وتارە.**

**بۆ زیاتر لە نۆساڵ دەچێت بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ لە بواری یەکێتییە کرێکارییەکانی سوییددا کار دەکەم. هەر بۆیەش مامەڵەکردن لەگەڵ "یاسای کاری سوید"دا چالاکییەکی ڕۆژانەیە و خودی کتێبی یاسای کارم دەبێت وەك "ئاو و دۆ" لەبەر بێت. بەڵام لە ماوەی ئەم چەندین ساڵەدا, دەیەها بڕگە و تێکستی ناو یاسای کاری سوید ئاڵوگۆڕی بەسەردا دێت و دەبێتە جێگای سەرسوڕمان. ڕەنگە سەرنجدانێك لە یاسای کاری سوید لە خۆیدا باشترین ئاوێنەی ئەو ئاڵوگۆڕە سیاسی و کولتوری و کۆمەڵایەتیانە بێت کە ئەم کۆمەڵگایە لە ماوەی ئەم چەندین ساڵەدا پیایدا تێپەڕیوە. هۆکاری سەرەکی ئەم ئاڵوگۆڕانەش, لە سادەترین دەربڕینی خۆیدا, لەو هاوکێشە "بێزراوەدا" چڕ بێتەوە کە بە پەیوەندییەکانی نێوان کار و سەرمایە لە قەڵەم دەدرێت. هاوکێشەیەك کە لە دەربڕینە ئابوورییە تەجریدکراوەکەیدا, ئەو ململانێیەمان پیشان دەدات کە لە نێوان کار و سەرمایەدایە و لە ئاستە بەرینە کۆمەڵایەتییەکەیدا سەنگەر بەستنی ئەو هێزە سیاسییە کۆمەڵایەتییانەن کە لە ململانێی کار و سەرمایەدا لە سەنگەری جۆراوجۆرەوە بۆ کۆمەڵگا دەڕوانن. دیارە ئەویش بە لەبەرچاوگرتنی ئەو بەرژەوەندییە جیاوازانەی کە لە دەوری ئەم ململانێیەوە تەوەرییان بەستووە. بۆ ئەو هێزە سیاسییانەی کە پێیان وایە فرۆشتنی ئەم هێزی کارە دەبێت هاوشان بێت بەو مافە مەدەنی و ئینسانییانەی کە گروپی "فرۆشی کار" دەبێ لێی بەهرەمەند بێت و سەنگەری ئەو بەریش هەر ئاوا بە ئاسانی خوازیاری دەستبەرداربوونی بەرژەوەندییە ئابووریەکانی خۆی نابێت.**
**ئەوەی ئاستی بەهرەمەندبوون یا نەبوونی کرێکار یان فەرمانبەر لە مافە ئینسانییەکانی خۆی لە بازاڕی کاردا دەستنیشان دەکات, سەنگ و سوکی و پارسەنگی ئەو پەیوەندی دەسەڵاتەیە کە لە نێوان بزووتنەوە کۆمەڵایەتییە جۆراوجۆرەکانی هەر دوو سەنگەرەکانی دەوری پەیوەندی نێوان کار و سەرمایەدان.**
**تا توانای یەکێتییە کرێکارییەکان بەهێز بێت و لە تەرازوویەکی هێزی گەورەتر بەهرەمەند بن کە لە بڕگە جیاوازە مێژوویەکانی سەدەی بیستدا دەبینرێت, ئەوا یاسای کارێك بەرهەم دێت کە مۆری ئەم باڵادەستییەی پێوەیە. کاتێك ئەم پارسەنگیی هێزە تێك دەچێت بە تایبەت لە ناوەڕاستی هەشتا و نەوەدەکانی سەدەی ڕابردووەوە, ئەوا ئیتر یاسایەکی کارمان لەبەردەستدایە, کە کەمترین بەرژەوەندییەکانی هێزفرۆشانی ناو بازاڕی کاری تێدایە.**
**بە کورتییەکەی ئەم بەرابەرکێیەی کە لە نێوان کرێکار و ڕێکخراوەکانی و خاوەنکار و ڕێکخراوەکانیاندایە, لە یەك بەیەکی بڕگە یاساییەکانی یاسای کاردا خۆی دەبینێتەوە. دەرکردنی کرێکار لەسەر کار, کارێکی هێندە ئاسان نەبووە لە حەفتا و هەشتاکانی سەدەی ڕابردووی سوییددا. بەڵام لە نەوەدەکان بە دواوە, کارێکی گران نییە لە ڕوانگەی یاسای کارەوە. هەر ئاڵوگۆڕێك لە دەسەڵاتی پەرلەمانی سوییدا پێك هاتبێت, چەپ گۆڕدرابێت بە ڕاست, بە ڕۆشنی لە یاسای**

کاردا ڕەنگی داوەتەوە. هەر بۆیەش من ئەم تێڕوانینەی کە تیایدا یاسای کار دەبێت بە تابلۆیەك تا دیدوبۆچوونە جیاوازەکانی بزووتنەوە سیاسییەکانی تیا بخوێنرێتەوە, دەکەمە ئەو چوارچێوەیەی کە لێیەوە سەرنجی دەستوری هەرێمی کوردستان دەدەم.

## کامەن ئەو هێزانەی لە پشت نووسینی دەستوری هەرێمی کوردستانەوەن

بەبڕوای من, ئەگەر خودی تێکستی نووسراوی دەستوورەکەش نەخوێنرێتەوە, ناسینی ئەو هێز و بزووتنەوانەی کە لە پشت ئامادەکردن و نووسینەوەی دەستوورەوەن, لانی کەم چوارچێوەیەکی گشتی ئەو بنەما فیکری و گوتارە سیاسییەمان پیشاندەدات کە ئەم هێزانە لە پراکتیکی رۆژانەیاندا بەرهەمی دەهێننەوە.
بۆ نموونە ناسینی چوارچێوە سیاسی و فیکرییەکانی هێزێکی کۆنسێرڤاتیڤ, هیچ کەسێك تووشی شۆك ناکات کاتێك ئەم تێڕوانینەی ئەوان لە تێکستێکدا دەبێتە بنەمای هەڵوێستوەرگرتنێکی سیاسی بۆ نموونە لە پەیوەند بە پەیوەندییە خێزانییەکاندا.
هەر بۆیەش ناسینی ئەو بزووتنەوە سیاسییەی کە لە باری عەمەلییەوە بە باوکی ئەمەکداری دەستوور لە قەڵەم دەدرێت, ئاسان بە دەرئەنجامە بەدەستهاتووکانی ناو دەستوورمان ئاشنا دەکات.

## بزووتنەوەی ناسیونالیزمی کورد و چیرۆکی دەستور

یەکێك لەو دیدە باوانەی کە زۆربەی ڕووناکبیرانی کورد تیایدا شەریکن, سەندنەوەی ناوی ناسیونالیزم لە بزووتنەوەی ناسیۆنالیزمی کوردە. هۆکاری سەرەکی ئەم کردەیەش ئەوەیە کە ناسیونالیزمی کوردی خوازیاری دروستکردنی دەوڵەتی کوردی نییە و هیشتاش لە خەونی قەبیلەئاسای سەدەکانی هەژدە و نۆزدەدایە. ئەم دووکەرتبوونەی دەسەڵاتی ناسیونالیزمی کوردی و دوورەدەستبوونی خەونی دروستکردنی دەوڵەتی کوردی و گۆڕینەوەی نەتەوە بە حیزب, بەشێك لەو ڕەخنە باوانەن کە شوناسی ناسیونالیستبوون لەم هێزانە دەکەنەوە.
من سەرنجدانێك لەم دیدە باوەم بەلاوە گرنگە تاکو بە ڕاشکاوانە تر جەخت لەسەر بەرهەقبوونی ئەم پرۆژەی دەستورە بدەم کە ئەم بزووتنەوەیە باوکی داڕێژەی ئەم پرۆژەیەیە.
ڕەنگە دەربڕینەکەی شێرزاد حەسەن لە گفتوگۆیەکی تەلەفۆنی ڕادیۆی هاوپشتیدا کە خۆم ئەنجامم دا لە چەند مانگی ڕابردوودا, بە چڕترین شێوە, ئەم دیدەی سەرەوەمان بۆ ڕۆشن بکاتەوە. شێرزاد دەڵێ:" ئەم هێزانە بە قەدەر حەسەن زیرەکیش ناسیونالیست نین و نەبوون. ئاخر ئەو پیاوە بە گۆرانی توانییەتی سابلاخییەك و سلێمانییەك و بۆتانییەك لە یەکدی نزیك بکاتەوە."
لەبەر ڕۆشنایی ئەم وتەزایەدا, ئاسانتر لە نەبوونی دەوڵەتی کوردی و دووکەرتبوونی ئەم دوو دەسەڵاتە تێدەگەین کە ناسیونالیزمی کوردی بێ تاوانبار دەکرێن.
بەڵام ئەگەر دروستکردن ویەکپێگرتنی نەتەوە یە یەکێك لە خەسڵەتە بنەڕەتییەکانی ناسیونالیزم بناسرێتەوە, ئەوە دەیەها خەسڵەتی دیکە هەیە کە لە پرۆژەی دروستکردنی نەتەوەدا کارسازن و ناسیۆنالیزمی کورد هیچی کەمتر نییە لە بزووتنەوە هاوشانەکانی خۆی.
لە هیچ زەمەنێکی مێژوویدا, بە جیا لە ساتەوەختی کورتی ئەم بزووتنەوەیەدا, ناسیونالیزمی کورد خاوەنی خەونی دروستکردنی دەوڵەتی کوردی نەبووە. ئەوەیشی ئەم خەونە دەکاتە دەرەوەی ئاسۆکانی ئەم بزووتنەوەوە, نا ناسیونالیستبوونی ڕابەرانی سیاسی ئەم بزووتنەوەیە نییە, بەڵکو هەڵبژاردنی ئەڵتەرناتیڤێکی دیکەی چارەسەری مەسەلەی میللی بووە لە ڕێگەی شەریکبوونەوە لەگەڵ دەسەڵاتە مەرکەزییەکاندا.

پەکەکە بە چوارپارچەییەوە دێتە ناو بزووتنەوەی ناسیونالیزمی کوردییەوە و بە مافە کولتوری و زمانییەکانی خەڵکی کوردستان لە تورکیادا ڕازییە, بەڵام خەونی دروستکردنی دەوڵەتی کوردی لە ئاستێکی بەرینی کۆمەڵایەتیدا بە تەواوی هێزی خۆیەوە زیندووە. ئەوەی لەم نموونەیەی سەرەوەدا گرنگە, دەرخستنی ناوەڕۆکی ئەو ڕابەرایەتییە سیاسییەیە کە بالادەستی خۆی بەسەر بزووتنەوەی حزبی هێزەکانی ناو ناسیونالیزمی کوردەوەن. هەموو ئەحزابێکی سیاسی, درێژکراوەی ئەو بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەیە کە لە کۆمەڵگادا بوونی هەیە. حزبی سیاسی, کۆی ڕێکخستنی ئیلیتە سیاسییە چالاکەکەی ناو بزووتنەوەی کۆمەڵایەتین و ڕەوتی سیاسی و ئامانجی ئەم حزبە سیاسییە وەك نوێنەری بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتی, لە قامەتی ڕابەرایەتی حزبی سیاسیدا بەرجەستە دەبێتەوە.
ئەوە نا ناسیونالیستبوونی تاڵەبانی و بارزانی نییە کە کورد دەوڵەتی کوردی نییە, بەڵکە ئەوە قبوڵکردنی ئەو جەماوەرە بەرینەی کوردییە کە لە پشت پراکتیزەکردنی سیاسەتی"چارەسەری کێشەی کورد لە بەغدا و ئەنقەرە و تاراندایە" کە زەخیرەی بەر هەمهێنانەوەی هێشتنەوەی دەسەڵاتی ئەم حزبە سیاسیانەن.
دەسەڵاتی حزبی ئەم دوو هێزە, لە ماوەی کەمترین لە شەو و ڕۆژێکدا توانای هەیە کە هەر هەمان زەخیرەی ئینسانی بکاتە مەتریاڵی بزووتنەوەی دەوڵەتی کوردی, بەڵام نایکات. چونکە لە ئاسۆی ئەم دەسەڵاتە حزبییە و ڕابەرایەتییەکەیدا, جۆرێکی دی لە تێڕوانین بۆ چارەسەری کێشەی کورددا هەیە. ئەو ڕێگاچارەیەی کە ئێستا زۆربەی زۆری خەڵکی کوردستان قبوڵی کردووە.
ئاخاوتنی چەند دەقیقەیی تاڵەبانی لە نیویۆرك و دەرکەوتنی بارزانی بە جلی کوردییەوە گەورەترین نمایشی سیمبۆلیکی ڕابەرایەتی ئەم بزووتنەوە سیاسییەیە لە ئاستێکی بەرینی کۆمەڵایەتیدا. هەڵبژاردنی تاڵەبانی بۆ سەرەککۆماری عێراق, جەماوەرێکی بەرینی خەڵکی کوردستان لە مەهاباد و دیاربەکر دەخاتە سەر شەقام. ئەم کردەوە بێ بایەخانەی کە ڕووناکبیرانی کوردی وای ناو دەنێن, پراکتیکی ئامانجدارانەی بزووتنەوەیەکی سیاسییە کە لە دەرەوەی حزبی سیاسی ئەم ڕابەرانەدا, هەزارەها ئینسان دەخاتە سەر شەقام. بەڵام ئەم ڕابەرایەتییە ئەم جۆرە بڕیارە سیاسییەی داوە کە "خوازیاری شەریکبوونە لە دەسەڵاتی سیاسیدا". ئەگەر ناسیونالیزمی کوردی لە پرۆسەی سیاسیدا بە شوێن ئەو بەرژەوەندییە سیاسییەوەیە کە ڕابەرایەتی ئەم هێزە سیاسییانە خوازیارین کە جێگای ڕەخنەی ڕووناکبیرانی کوردە, ئەوا لە تەواوی بوارە کۆمەڵایەتییە کولتورییەکانی دیکەدا, قارەمانێکی سەرسەختی بردنە پێشەوەی گوتارێکی ناسیونالیستییە. جا ئەگەر کەسێك دەیەوێت بە دیدێکی لیبرالانەترەوە ئەم گوتارە ناسیونالیستییە بخاتە بەر ڕەخنە, ئەوە لە مێشکی خۆیدا بە شوێن شتێکی دیکەوەیە کە ناسیونالیزم نییە. تاکە ئایدیۆلۆژیایەکی سیاسی کە تاکە تیۆریسینێکی لە سەرتاپای دنیادا دروستنەکردووە, ناسیونالیزمە. ئیتر بۆچی گلەیی لە ناسیونالیزمی کورد دەکرێت کە لە بواری فیکر و مەعریفەدا کەمی هێناوە. بەعس و بزووتنەوەی کۆسۆڤاکانی ئەلبانییا و ناسیونالیزمی عەرەبی, دەیەها بزووتنەوەی ناسیونالیستی دیکەی دنیا, ئەگەر وەربگێڕدرێنە سەر هەر زمانێك, یەك گوتارە و "خەڵکی خۆ", "کولتوری خۆ", "ئایینی خۆ" و تەنانەت "نەژادی پاکی خۆ" بە شێوازی جۆراوجۆر دێتە ئاخاوتن.
کاتێك زۆرینەی نوێنەرانی حزبی مۆدێراتەکانی سوید لە کۆنگرەی ساڵانەی ئەم ساڵیاندا, خوازیاری تورهەڵدانی یاسای کاری سویدن و خوازیارن وەك ئەمریکا خاوەنکار ئازاد بێت لە هەر کردەوەیەکی تایبەت بە کارخانەوە, ئەوە ڕابەرایەتی مۆدێراتەکانە کە هەڵوێستێکی دیکەی سیاسی تەواو پێچەوانەی ئەم هەڵوێستە زۆرینەیە هەڵدەبژێرێت. هیچ حزبێکی سیاسی کە بە جۆرێك نوێنەرایەتی بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتی دەکات لە ئاستی کۆمەڵگادا, لە بالای بزووتنەوەی حزبی و ئیلیتە سیاسییەکەی زیاتر واوەتر ناچێت.
هەر بۆیەش لە پاش ئەم ڕوونکردنەوە کورتەوە, باشترە سەرنجێك لەم پرۆژەی دەستوورەی هەرێمی کوردستان بدەین.

پرۆژەی دەستوری هەرێمی کوردستانی عێراق, هیچ شتێك نییە جگە لە کارنامەی ئەو بزووتنەوە سیاسییەی کە لە بەغدادا بەشێکی دەسەڵاتی سیاسی ئەمڕۆی عێراق پێکدەهێنێت. هەر بۆیەش ناوەڕۆکی یەك بە یەکی بەندەکانی لەم چوارچێوە سیاسی و کۆمەڵایەتییەدا دەسوڕێتەوە کە بزووتنەوەی حزبی ناسیونالیزمی کورد لە چەند ساڵی ڕابردوودا

پێشکەشی کردووە. ئەم پرۆژەیە یەك زەڕڕە پەیوەندی بە ڕێکخستنی پەیوەندییەکانی هاولاتییان و دەسەلاتەوە نییە. بەڵکو لە گشتییەتی خۆیدا تەنها ئاماژەیەکی سیمبۆڵییە بۆ شەرعییەتدانێکی یاسایی بەو دەسەلاتەی کە چەندین ساڵە بە بێ یاساش پراکتیزەی دەسەلاتی خۆی دەکات. بۆیە ناوەڕۆکی بەندەکانی هیچ پەیوەندییەکی بە زیادبوونی مافە مەدەنی و سیاسییەکانی هاولاتییانەوە نییە. ئەوەی کە ئەم دەستوورە پێماندەڵێت, تەنها هەڵکردنی پەرچەمێکی سیاسییە لەبەرانبەر ڕەقیبەکانی خۆدا و شەرعییەتدانێکی یاساییە بەم دەسەلاتەی کە تا ئێستا هیچ شەرعییەتێکی یاسایی نەبووە.

ئەگەر ڕوونکردنەوەیەکی زیاتر لەسەر ئەم دەرئەنجامە سیاسییە بدەم, ئەوا چۆن چۆن هەڵبژاردنی تاڵەبانی لە ئاستی بزووتنەوەی کۆمەلایەتی ناسیونالیزمدا بە دەسکەوتێکی گەورە بۆ ئەم بزووتنەوەیە تەواو دەبێت و بوونی بارزانی بە سەرۆکی حوکمەتی هەرێمی کوردستانیش بە هەمان شێوە, ئەوا ئەم دەستوورەش لە پلەی یەکەمدا ئەم مەرامە سیاسییە تەواو دەکات. واتا مانیفێستێکی سیاسییە کە بەها سەرەکییەکەی هێندە سیمبولییە, هێندە پرۆژەیەکی پراکتیکی نییە تا بەهۆیەوە بە شوێن مافە مەدەنییەکانی خەلکەوە بیت لە دەستووردا.

بۆیە با بە کورتی بێمە سەر وەلامی ئەو پرسیارانەی کە سایتی بەڕێزی دەنگەکان پێی باشە ئاخاوتنی لەسەر بکرێت.

1. لە پەیوەند بە شوناسی "گەلی کوردستانەوە", قسە لەسەر ئەوەیە کە کێ و کامە هێز ئەم شوناس و پێناسینە هەڵدەبژێرێت. ئەو شوناسەی کە لە دەستوردا ئاماژەی پێکراوە, ڕێك لە چوارچێوەی ئەو هاوکێشە سیاسییەدایە کە سازشی هێزەکانی ناسیونالیزمی کورد لە بەغداد لەسەری ڕێککەوتوون. دەکرێ دەیەها پاشگر و پێشگری دیکەی فیدراڵ, دیموکرات, فرەیی و چەندەها چەمکی دیکەی سیاسی بۆ زیاد بکرێت. بەلام هیچیان لە ناوەڕۆکی ئەم پرۆژەیە کەم ناکاتەوە, چونکە ئەم دەستورەی هەرێمی کوردستان وەك پاشکۆیەکی دەستووری عێراق, لەم هەلومەرجە تایبەتییەی ئێستادا کە دەستووری تیا دەنووسرێتەوە دەکرێ بەم شێوازەی ئێستایەوە بێت. بێ گومان بە لەبەرچاوگرتنی ئەو دیدە سیاسییەی ئەم جۆرە لە ئەلتەرناتیڤی سیاسی هەڵدەبژێرێت.
2. لە پەیوەند بە دەستنیشانکردنی سنووری کوردستانەوە, دەکرێ سنووری ئەمڕۆی کوردوستان بگرێتەوە, دەشکری بە ئاماژەدان بە یەکێك لەسەرژمێرە ڕەسمییەکانی عێراق کە تیایدا ژمارەی کوردزمانانی ئەو ناوچەیە لە ئاستێکی تردا بووبێت تا لە ریفراندۆمێکدا خەڵك بتوانێت بۆی بگەڕێتەوە کارێکی دیکە بێت. سنووری کوردوستان دەکرێ لەم سنوورەی ئەمڕۆی گەورەتر بێت و دەشکرێ بچووکتر بێت.
3. لە ماددەی حەڤدەی پرۆژەی دەستووری کوردوستاندا ئاوا دەلێ:" ئازادی بیرو ڕا و داب و دەستووری ئایینی دەستەبەرە بە مەرجێ لەگەڵ حوکمەکانی دەستووری کۆماری فیدراڵی عێراق و ئەم دەستوورە و پێڕۆی گشتی و ئادابی گشتیدا پێچەوانە نەبن."

کاتێك دەسەلاتی ناسیونالیزمی کورد لە بەغدادا بەهۆی ئیمتیازاتیکەوە کە بەدەستی دێنێ چاو پۆشی لە ئیسلامیزەکردنی کۆمەڵگای عێراق دەکات, ئیتر کارێکی دژوار نییە لەبەر ڕۆشنایی دەستووری عێراقدا پەرەگرافێکی ئاوا تەمومژاوی و پڕ لەمینی سیاسی بۆ ئایندە لە کوردستاندا بێتە بەرهەم. خواستی جیای دین لە دەوڵەت, داواکارییەکی سیاسی هەروا سادە نییە تا لە دەستوردا من و تۆ بمانەوێ جیبی بکەینەوە. ئەمڕۆ بۆرژوازی لە ئاستێکی نێونەتەوایەتیدا لەم خواستەی زەمەنی شۆڕشی خۆی بە ئاشکرا پاشەکشێی کردووە و لە پەیوەند بە دەسەلاتی بۆرژوازی کوردییەوە, لێدان لە ئایین بەو پێناسەیی شیعاری ناوبراو ئاماژەی پێدەکات, لە یەکێك لە کۆڵەکە گرنگەکانی بوونی خۆی دەدات, هەر بۆیەش نەك هەر ئایین بەڵکو

"ئادابی گشتیش" وەك چەمكێكی تەمومژاوی دەكاتە پشتیوانی ئەم ئازادییەی ئایین لە دەستوردا بەدەستی هێناوە.

4. ئەگەر چی لە دەستووردا نەنوسراوە ئیسلام بنچینەی یاسادانانە, بەڵام زۆر بە ڕاشكاوانە ئەو كارە دەكات. ڕوونكردنەوەی خاڵی پێشوو ئاماژە بەم لایەنە دەدات.
5. سەبارەت بە چەسپاندنی بنەماكانی دیموكراتی ئاماژەیەكی ئەوتۆ لە پرۆژەی دەستوورەكەدا نییە, چونكە خودی داڕێژەرانی پرۆژەكەش بە شوێن جێخستنی بنەماكانی دیموكراتییەوە نین و پێشیانوا نییە كە جەنگی ئەم بنەما دیموكراتییانە لە كوردوستاندا لە ڕێگەی بڕگە دەستورییەكانەوەیە. كاتێك ئەمریكا دەسەڵات لە عێراقدا ئەتنیزە دەكات, ئەوە دیموكراتییە لە مەنگەنە دەدرێت. كاتێك كۆمەڵگایەك لەسەر بنەمای هاوڵاتیبوون هەڵدەوەشێنێتەوە و شیعە و سونەو كورد و عەرەب لە بەرانبەر هاوڵاتیانی مافیەكساندا دادەنرێن, كاتێك دەسەڵاتی گەڕەك و ناوچە و دائیرە و شارەكان لەسەر ئەساسی میلیشیای چەكداری ناوچەیی دابەشدەكرێت قسەیەك لەسەر دیموكراتی نییە. ئیتر ناتوانیت گلەیی لە نەبوونی پرەنسیپێكی دیموكراتی بكەیت بۆ ئیدارەی كارخانەیەكی وەك شەریكەی نەوت. چونكە دەسەڵات پێشووتر لەسەر ئینتیما عەرقی و ئایینی و تایەفەییەكان دابەشكراوە. بۆیە كێشەكە دەبێتە كەمبوونی كورد لە شەریكەی نەوتدا و ئالێرەوەیە كە دەبێ بۆ نادیموكراتیبوونی كردەوەیەكی نادیموكراتی بچیت.

6. لە دەروازەی دووەمی دەستوردا و ماددەی نۆیەمدا ئەم چەند دێڕە دەخوێنرێتەوە:" خێزان شیرازە و(بنچینە)ی كۆمەڵگایە و لە چوارچێوەی یاساشدا پاراستنی دایكایەتی و منداڵیش دەستەبەرە و دەسەڵاتەكان و كۆمەڵگاش پابەندن بە چاودێریكردنی هەرزە و لاوان و پاراستنی دروشمە بەرزەكانی نەریت و نیشتیمانپەروەریی ڕەسەن و كلتووری مێژووی گەلی كوردوستان." لەم بڕگە چەند دێڕییە زیاتر , من هیچ ئاماژەیەكی دیكە بە پرسیارەكانی یەكسانی لە پرۆژەی دەستوردا نابینمەوە. گۆڕستانی ڕەشەكوژی ژنان لە كوردستاندا, بە ڕاشكاوی بەڵگەی ناڕەسەنبوونی دروشمە بەرزەكانی نەریت و كلتوری باڵادەستی كوردوستانە. هەر بۆیەش بێگومان لە پشت چەمكی "ڕەسەنبوون"ی نەریت و كلتورەوە, مەبەستێكی زۆر ناڕەسەن لە پەیوەند بە ژنانەوە, لە كەمیندایە.

7. لە پەیوەند بە یاسای كارەوە, كە نەك تەنها كرێكار دەگرێتەوە بە دیدی من, بەڵكو تەواوی توێژوچینەكانی دیكەش دەگرێتەوە كە بە جۆرێك هێزی كاری خۆیان دەفرۆشن, لە چەند بڕگەیەكی كورت بەولاوە, هیچ ئاماژەیەكی ئەوتۆ نییە. نە سەعاتكار جێی پرسیارە, نە پشووی ساڵانە و نەچۆنێتی پرۆسەی ئەم كڕین و فرۆشتنەی هێزی كار.

8. سەبارەت بە قانوونی چاككردنی زەوی, بە بڕوای من ئەگەر ئاماژەیەكی لەو چەشنەش نییە باشترە. ئەم یاسایە مۆری زەمەنێكی گەشەی سەرمایەداری عێراقی پێوە دیارە و ئەو چوارچێوەیە سەرمایەداری لە عێراقدا تێپەڕاندووە و هیچ گومانێكی گەورە لە ئارادا نەماوەتەوە كە پەیوەندییەكانی زەوی لەمڕۆدا لە چوارچێوەی پەیوەندییە سەرمایەدارییەكاندا دەچێتە پێش و ئەوەی بە كێشەی زەوی ناودەبرێت, ناچێتە خانەی جەنگی ئاغا و جوتیاری ناوەڕاستی سەدەی ڕابردووە وە لە عێراقدا.

لە كۆتاییدا كۆمەڵێك پرسیاری دیكە هەن كە جێگایان ناو دەستوور نییە و پرسیارێكی سیاسین كە دەكرێ لە ڕێگای كەناڵە سیاسییەكانەوە گفتوگۆی لەسەر بكرێت. بەڵام دوا وتەی خۆم لەم چەند دێڕەدا چڕدەكەمەوە.

ئەو پرۆژەی دەستورەی ئەمرۆ دەدرێتە دەر وەك بنەمایەك بۆ دەستوری هەمیشەیی هەرێمی كوردستان, یەك مەبەستی سیاسی لە پشتییەوە كاردەكات نەوەك ئەوەی ناوەڕۆكی یەك بە یەكی بەندەكانی چی دەڵێت.
چ یەكێتی و چ پارتی و چ ئەمریكاش, لەگەڵ ئەم دابەشكردنە سیاسی و ئیدارییانەی ئەمڕۆدا ڕازین. تەنانەت بۆ ناوچەكانی دیكەی عێراقیش. واتا لە باری عەمەلییەوە, ئەم دەسەڵاتە كاری ڕۆتینی خۆی دەكات و دەستوریش هیش شتێك نییە جگە لە وەرگرتنی پسوڵەیەكی قانوونی بەم دەسەڵاتە لە ڕێگای ڕاپێچكردنی جەماوەرەوە بۆ بەردەم سندوقەكانی دەنگدان. ئەویشی كە ئەم دۆخە جەهەنەمییە بە مێژووی عێراق و كوردوستان دەبەخشێت, ئەو پێداویستییە ئەمریكییەیە كە خوازیارە هەر شكڵێكی دەسەڵات لە عێراقدا پێك بێت, بۆ ئەوەی باری قورسی چەمكی "داگیركرن" لە ئاستی نێونەتەوایەتیدا ئیدارەی بۆش قورستر نەكات. جا ئیتر دوو سیستەمی باجی جیاواز لە سلێمانی و هەولێر چەندە مەنتیقییە یاخود نا, پرسیاری ئیدارەی بۆش نییە,بەڵكو پرسیاری سەرەكی ئەم ئیدارەیە ئەوەیە كە دەستور و یاسا هەیە. ناوەڕۆكی ئەو یاسایە چۆنە؟ پرسیاری خەڵكی عێراق و بزووتنەوە سیاسییەكانی دیكەیە تا بە دیدێكی تەواو پێچەوانەی ئەو گوتارە سیاسییەوەی كە ڕۆحی پرۆژەی دەستوور پێكدەهێنێت, ئەڵتەرناتیڤێكی ئینسانی تر بخاتە بەردەم.